# وەڵامێك بە بەڕێز"دارا گەرمیانی"

***خەڵكی عێراق وكوردستان خوازیاری نەمانی ڕژێمی فاشستی بەعسن، بەڵام ڕژێمی فاشستی قەومی و دینی تریشیان ناویت!***

**عبدالله مەحمود**
abdollamahmud@yahoo.com

بەڕێز (دارا گەرمیانی) لە وەڵامی ئاگاداركردنەوەیەكی ڕێبوار ئەحمەد بۆ سەركردایەتی یەكێتی وپارتیدا، ووتاریكی نووسیوە كە لە سایتی (كوردستان نێت) ی، ڕۆژی 3-2-2003دا بلاوكراوەتەوە. بەو هۆیەوە كە بابەتەكەی بەڕێز ( دارا گەرمیانی) زۆر مەسەلەی ووروژاندووەو دەرگای بەروی زۆر باسی تردا كردۆتەوە، منیش بە پێویستم زانی وەڵامیكی كورت بە نووسینەكەی ئەو بدەمەوە.

دارا گەرمیانی وەكو خۆی دەڵێت ڕەخنەكەی لە ئاگاداركردنەوەكەی ڕێبوار ئەحمەد بۆ سەركردایەتی پارتی و یەكێتی لەو دێڕەوە دەستی پێكردووە كە ئەڵێ:"دەستەی فەرمان ڕەوای ئەمریكا هەڕەشەی كوشتارو وێرانكاریەكی بێوێنە دەكەن، تەنانەت بەوپەڕی دڕندەیەوە هەڕەشەی بەكارهێنانی چەكی ئەتۆمی ئەدەن بەگوێ ی دنیادا، لەولاشەوە ڕژێمی فاشیستی سەدام ڕادەگەیەنێ كە سوپای ئەمریكاو هاوكارانی پێبنێتە هەرجێگایەك بەهەموو تواناو بێدەست پاراستن ڕەش وسپی خاپوری دەكات". منیش هەر لەو دێرەوە وەڵام بە دارا گەرمیانی ئەدەمەوە.

دارا گەرمیانی پەردەپۆشی ئەو ڕاگەیاندنانە ئەكات و ئەڵیت ئەمریكا هەڕەشەی كوشتارو وێرانكاری بێوێنەی نەكردووە، چونكە نەك ئاگای لەمێژوی ڕابردو وە هاوچەرخ نیە بەڵكو ئاگای لە ڕاگەیەندنەكانی ئەم چەند ڕۆژەش نیە، كە گەورە بەرپرسانی ئەمریكاو بەریتانیا بەئاشكرا باسی بەكارهێنانی تازەترین چەكی سەردەم و هاوكات باسی بەكارهێنانی چەكی ئەتۆمیش ئەكەن ئەگەر لە لایەن عێراقەوە ڕوبەڕوی خەتەریات ببنەوە.

خۆئەگەر لەوەش بگوزەرێین كە برای رەخنەگر ئاگای لەو هەڕەشانەی ئەمریكا نەبووە. جیگای خۆیەتی لێرەدا چەندپرسیاریك ئاراستەی بەرێزی بكەین، " مەگەر ئەمریكا تاكە دەوڵەت نیە كە بۆمبی ئەتۆمی بەكار هێناوە؟مەگەر خەڵكی بێگوناحی ناكازاكی و هیرۆشیمابە بۆمبی ئەتۆمی ئەمریكی كوشتار نەكران؟مەگەر ئەمریكا لەبەرامبەر خەڵكی فێتنامدا سڵەمیەوە لە بەكارهێنانی چەكی كیمیایی وبایۆلۆژی؟ ئێستا لە بەكارهێنانی ئەم چەكانە چ ڕێگریەكی هەیە؟.

تائەو جێگایەش بە ڕژیمی دڕندەی بەعس دەگەرێتەوە، مەگەر ئەم ڕژێمە چ لەهۆرەكانی خواروی عێراقدا و چ لەشەری عیڕاق ئێران و چ لەشەری داسەپاویدا بەسەر خەڵكی كوردستاندا سڵەمیوەتەوە لە بەكارهێنانی چەكی كیمیایی و كۆكوژدا؟ وەمەگەر ئەمریكاو غەرب پشتیوانیان لەم ڕژیمە نەدەكرد ؟ بەڕاستی ئەگەر شەڕ ڕوبدات چ ئەو ئەمریكایەو چ ڕژێمی بەعس باكیان بە چارەنووسی خەڵك و كۆمەڵگاوە هەیە تا سڵ بكەنەوە لە وێرانكردنی كۆمەڵگای عێراق و تەنانەت ناوچەكەش؟مەگەر لە ئێستاوە بەپێی سەرچاوەكانی ئەمریكا ڕانەگەیەنراوە كە ئەگەر جەنگ ڕوبدات كوژراوانی ئەم شەڕە زیاتر لە 500 هەزار كەس دەبێت؟مەگەر ئاگاداری ڕاگەیاندنی ڕێكخراوی پزیشكانی بێسنور نین كە ژمارەی كوژراوانی خەڵكی مەدەنی عێراق لە یەكەم هەفتەیدا بە زیاتر لە 100كەس مەزەندە كردووە؟مەگەر هەر ئەمەندە خۆی كوشتاری بەكۆمەڵ نی یە لە ژێر ناوی بەرگرتن بەكوشتاری بەكۆمەڵدا؟ئەگەر پێشبینی سەرەتای بۆكوشتار لە سەرەتاوە بەم شێوەیەبێت ئایا ئەمە بەمانای وێرانكردنی كۆمەڵگا نی یە؟ یان بەپێی گوزارشی نیۆرك تایمز مەساریفی بۆمبابارانی شارەكان و وێرانبونی كارگەو دامەزراوەكان و مەركەزەكانی ئاو وكارەبا و داڕوخانی تەواوی شیرازەی كۆمەڵگا، وە تەعمیركردنەوەیان لەدوای جەنگ نەخراوەتە سەر داهاتی نەوت و 18 مانگیش هێزەكانی ئەمریكا دەست بەسەر چاڵە نەوتەكاندا ناگرن، ولە عیراقدا نامێنەوە بۆ دابین كردنی ئەم خەسارەتە، هەموو ئەمانە بەس نیە بۆ نیشاندانی ئەوەی كەكۆمەڵگای عێراق لە بەردەم شەڕێكی وێرانكەرانەدایە؟ وباجەكەشی دەبێت خەڵكی عێراق بیدات؟بەم پێیە واقعەن قسەكەی هاوری ڕێبوار دروست نیە؟

دارا گەرمیانی ئەڵێت ئەوەی لامان گرنگە ئەودێرەیە کە کاک ڕێبوار دەڵێت (ڕژێمی فاشستی صدام) و پاشان چەند پرسیارێکی هێناوەتە گۆڕ، تەئکید لەوە ئەکات کە داننان بەوەدا کە ڕژێمی عێراق فاشستە، مەسئولیەتێکی گەورەیە. . . تاد.

ئەوە کە ڕژێمی بەعس ڕژێمێکی فاشستە ئەمە واقیەتێکەو ئەمە یەکەم جاریش نیە، ئەم ڕژێمە لە لایەن ئێمەوە وەکو ڕژێمێکی دڕندە شۆفینست فاشی ناو برابێت، بەڵکو لەوکاتەوە کەئەم ڕژێمە هاتۆتە سەرکار بزوتنەوەی ئێمە (بزوتنەوەی کۆمۆنیزی مارکس، کۆمۆنیزمی کرێکاری) ئەو ڕژێمەی وا ناو بردوەو ناساندووە. ئەوەش دروستە کە بەکارهێنانی ئەو عیبارەت و وەسفانە مەسئولیەتە. هەروەکو چۆن بەکارهینان و وەسفی "صدام حسێن"ی سەرەتاوانباری فاشیەت بە دادوەرو ماموستای حوکمی زاتی لەلایەن سەرانی بزوتنەوەی قەومی کوردەوە هەر مەسئولیەتە!!.

ئەوە کە وەسفی ڕژێمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران دەکرێت بەوێنەی دۆستی خەڵکی کوردستان لە زمانی ڕابەرانی یەکێتی و پارتیەوە، ئەمەش مەسئولیەتە!!. ئەوە کەدەڵێن ڕژێمی تورکیا تەماحی نیە لە کوردستانی عێراقدائەمەش مەسئولیەتە!وە ئەوەش کە لە سکرتێری یەکێتی نیشتمانی لە تەلەفزیۆنی LBCی لوبنانیەوە لەوەڵامی پرسیاری:. . . .

. ئەمریکا لستێك بەناوی نزیکەی (20) بەرپرسی عێراق ئامادە دەکات بۆ ئەوەی لە لاهای دادگایی بکرێن، ئایا تۆ لەلایەنگرانی ئەو بۆچونەیت، ئایا پێت وایە ئەمە ڕاستە، دووەم خەون بەوەوە دەبینیت کە سەرۆکی عێراق صدام حسێن لە قەفەزی تۆمەتبارکردن لە لاهای بەدی بکەیت؟

مام جەلال:سەبارەت بە ژمارەی ئەوانەی کە ئەمریکایەکان دەیانەوێت بیانخاتە لستی تاوانبارانی جەنگ. . . . . . . . . .

. 20 یان 30کەسن نەم بیستوە، من هیوا ناخوازم سەرۆك صدام حسین لە قەفەزی تۆمەتبارکردندا بەدی بکەم، . . . . . .

. . هیوای ئەوەی بۆ ناخوازم بەو شیوەیە ببینم، من شەخصی خۆم بە لانی کەم جۆرێك لە پەیوەندی کۆنم لەگەڵیدا هەیە، بەو بۆنەیەشەوە لە نێوان بنەماڵەی تالەبانی وبنەماڵەی سەرۆك صدام حسێن پەیوەندی مێژووی کۆن هەیەو من تائێستا ڕێزی لێدەگرم، بۆیە هیوا ناخوازم لە قەفەزی تۆمەتبارکردن لە لاهای ببینم، . . . . . .) دەقی ئەم چاوپیکەوتنە تەلەفزیۆنییە لەگەڵ سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی، لە کوردستانی نوێ ی ڕۆژی 2002/11/5داو لە ژمارە (2907) دا بڵاوکراوەتەوە. ئەمانەو زۆر شتی تریش هەر مەسئولیەتن و دروستە، هیوادارم دارا گەرمیانی ئەم مەسئولیەتە قورسە بۆ هەموو لایەك وەکو یەك لە محەك بدات.

دارا گەرمیانی لەدرێژەی نووسراوەکەیدا باسی خەتەری فاشیەت و نازیەت ئەکات و ئاماژەیەکی کورت بە چۆنێەتی سەرهەڵدان و کارکرد و لەبەین چونیان دەکات و سەرئەنجامیش ئەو ئاکامەی لێدەگرێت کە لەبەینچوونی فاشستەکان بە صەدامی فاشیستیشەوە بەندە بەڕودانی جەنگە گەورەکان و ڕوداوە گەورەکان.

دیارە بەخەتەر لەقەڵەمدانی فاشیزم ونازیزم بە فاشستی صدام حسێنیشەوە، ئیکتشافێکی نوێ نیە

وهەموو کەسێك پێی ئاشنایە. بەڵام تائەو جێگایەی باسی سەرهەڵدانی نازیسم و فاشیزمە، بەر لەهەموو شت سەرهەڵدانی ئەمانە بەرهەمی نیزامی قازانج پەرستی سەرمایە بووە ولەلایەن دەسەڵاتەوە تەغزیە کراون و بوونەتە هێزی گەورەو مەترسیدار، هەروەکو چۆن صدام حسێن بە پشیوانی و کۆمەکی ڕاستەوخۆی یەکێتی سۆفیەتی جاران و تاڕادەیەك ئەورووپاوبەدوای شکستی بلۆکی شەرقیشدا بە پشتیوانی ئەمریکاو ئەورووپا توانیویەتی ببێتە ئەم هیزە مەترسیدارە، وەهەروەکو چۆن ئیسلامی سیاسی پەروەردەی دەستی ئەمریکاو غەرب بوو وە پشتیوانی دەکرا بۆ ڕووبەڕوبونەوەی لەگەڵ ڕوسیا و بلۆکی شەرق و ئێستا بۆتە هەڕەشەیەك کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا داوای دەسەڵاتی سیاسی ئەکات و بۆتە ئۆردویەکی تیرۆر. کاکە دارا گیان کە تۆ شارەزایی مێژویت دەبوایە ئەم حەقیقەتانەش باس بکەیت، وەدەبووئەمەت بزانیایە کە فاشیزم ونازیزم وڕاسیزم ومیلتاریزم و مەزهەب ئەو جرەیانانەن کە بۆرژوازی بەپێی پێداویستی مێژووی خۆی مەیدانداریان دەکات تا ڕادیکالیزم و عەدالەت تەڵەبی و ئازادیخوازی پێ سەرکوت بکات و یاساو ڕیسا دەستی ڕاستی لەکۆمەڵگادا بەرگری لێبکەن.

نابی ئەوەشمان لە بیر بچێت هەر دەوریەك بۆرژوازی پێویستی بەجۆریك لەم بزوتنەوانەیە ئەگەر لەسەرو بەندی جەنگی جیهانی یەکەمدا فاشیزم ونازیزم پیویست بوون ئەوا لە لەگەل پەیدابوونی بلۆك بەندیەکانی شەرق وغەرب ئیسلامی سیاسی پیویست بوو بۆ شەری کۆمۆنیزم و عەدالەت خوازی.

مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە هەرکام لەو بزوتنەوە راست و دژی ئینسانیانە لە ناو کورەی جەنگەکاندا باڵیان کردووە، فاشیزم و نازیزم وراسیزم و میلتاریزم خۆیان بەرهەمی جەنگن، هەروەکو چۆن کە پیکهاتن و گەشەی "القاعدە"بەرهەمی جەنگی یەکەمی کەنداو بوو وەلەبەرامبەر بەویش خۆی ڕاگەیاند.

وە بە پیچەوانەی بۆچونی کاکە داراشەوە فاشیزم ونازیزم، بەهۆی شۆرشی ئۆکتۆبەرو و سەرکەوتنی و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی شکستیان خواردوو لە مەیدان کرانە دەر ئەو شۆرشەی کاریگەری خۆی بەسەرتەواوی بزوتنەوەکانی دنیا و ئەفرادەکانیشدا دانا، کە لەوانەیە کاکە داراش لەوکاریگەریەی بەرکەوتبێ و دورنیە بوبێتە چەپی توندرەوی!!ناو بزوتنەوەی ناسیونالستی کوردو توشی گێرمەو کێشەو لێپێچانەوەش بوبێت.

شکستی شۆرشی ئۆکتۆبریش بەهۆی نائامادەیی و بۆ ئالوگۆری شۆرشگێرانەی پەیوەندیە ئابوریەکان ی ئەوکاتەو دانانی بەرنامەی ئابوری سۆسیالستی چینی کریکار شۆرش لە پیشرەوی کەوت و لە جێگای حکومەتی شۆرشی کرێکاری دەورانی لنین، بۆرۆکراسیەکی بۆرژوایی دەوڵەتی جێگای گرتەوە، ئەوەیشی دواتر ناوی نرا بلۆکی شەرق بە هیچ پێوانەیەك لە ئابوری و سیاسیەوە تا ئیداری و ئایدۆلۆژی نوێنەری سۆسیالیزم وکۆمۆنیزم نەبوو بە ستالینیشەوە.
ئەو ستالینەی کاکە دارا بە ڕەمزی کۆمۆنیزمی دەناسێنی بۆئیمە دوای مەرگی لینین ڕەمزو ئەلگۆی ناسیونالیزمی بۆرژواژی پشت بەستو بە ئەلگۆیەکی دەستکاری کراوی سەرمایەداری بوو.

سەئەنجام واقعیەت ئەوەیە کە ئەگەر ئەم جەنگە بەری پینەگێریت و روبدات، کاریگەریە زیانبارەکانی ئەم جەنگە بە جیا لە قوربانیانی لە کوژراو بریندارو ئاوەرەیی، بە جیا لەبالادەستی دەورەیەکی تری میلتاریزەکردنی دنیا لەلایەن ئەمریکاوە، روبەرو پانتایی جیهان بەروی تەعەسوباتی مەزهەبی و تیرۆریزم ئیسلامی، قەومپەرستی و نەژادپەرستی دەکاتەوەو پاشەوپاشگەرانەوەیەکی سیاسی وداڕوخانی فەرهەنگی وئەخلاقی لە ئاستی جیهاندا پەرە پێدەدات.

تائەو جێگایەی بەدیاری کراوی بەڕژێمی بەعس دەگەرێتەوە وباسی مانەوەی ئەم رژێمە یە، بەر لەهەموو شت هاتنە سەرکاری رژێمی بەعس لەرێگای کودەتایەکی عەسکەریەوە لەسالی 1968دا بە هاوکاری ئەمریکاو غەرب بوو، وە مانەوەی و هاتنە دەرەوەی لە جەنگی عیراق–ئیران و جەنگی کوێتیشدا هەربەهاوکاری و دەست لەپشدانی بووە لەلایەن ئەمریکاو غەربەوە، تەنانەت بۆ بەرگرتن بە هەڕەشەی ڕوخاندنی صدام حسین لە سالی 1991و ڕزگارکردنی ڕژێم لەدەست خرۆشانی جەماوەری هەر ئەمریکاو غەرب بوو، بەدوای کۆتایی هاتنی هەرکام لەم جەنگ و بەرامبەرکییانەش دەخالەت و سیاسەتەکانی ئەمریکا گەورەترین گورزی لە خەبات و نارەزایەتی خەلکی عیراقدا بۆ ڕوخاندنی ئەم ڕژێمە.
بۆمباباران و تێك و پێکدانی هەموو بنەما خزمەتگوزاری و مەدەنیەکانی کۆمەڵگاو داڕوخاندنی ژێربینای ئابوری کۆمەڵگای عێراق لەلایەك و داسەپاندنی ئابلۆقەی ئابوری لەلایەکی ترەوە بڕستی لەبەر خەڵکی عیراق بڕی و چاوەڕوانیەکانی خەڵکی هێنایە خوارەوە تا ئەو ڕادەیەی کە لە جێگای خەبات مانەوەی فیزیکی ببێتە ئارەزویەك بۆیان، مەسەلەی ستەمی میللی سەر خەڵکی کوردستانیشی هێنایە خوارەوە بۆ مەسەلەی ئاوەرەکانی کوردو خەڵکی کوردستانی لە ژێر ناوی دانان و بوونی ناوچەی ئارامدا!!لە جغرافیایەکی بێناونیشان و بێناسنامەی وولاتیدا ڕاگرت و دەسەڵاتی بەڕێوە بردنی ئەم ئۆردوگا بێئایندەشی سپارد بەیەکێتی و پارتی و کوردستانی عێراقی وەکو کارتێکی فشار لە کێشمە کێشی خۆی لەگەڵ صدام حسین دا بەدەستەوەگرت.

کارنامەی یەکێتی وپارتیش پێویستی بەگێڕانەوە نیە، بەشەڕو بەئاشتیەوە، بە یەك حکومەتی و دووحکومەتیەوە، بەدەسەلاتی ساوایی و لاویەوە، بە خۆبەستنەوە بە ئیران و تورکیاوە، بە ساتو سەوداوە لەگەڵ ڕژێمی بەعسیشەوە بەشی خەڵك نەبوونی ونەداری و ترس ودڵەڕاوکی و بیٚ یاسایی و دزی و راوروتی ئاشکراو پێشێلکردنی مافەکانی خەڵك و پێشێلکردنی ئازادی و بەدەستەوەگرتنی یاساکانی بەعس و پیاوسالاری و سەرکوت بووە، زیندوکردنەوەی تایفەو

عەشیرەتگەری و قوتکردنەوەی دەستەو تاقمی ئیسلامی و واخەریکە شیعەشی دێتە سەرو ئەگەر زەمەن بواربدات حسێنیەکان بۆزۆرێك لە شارو شارۆچکەکان ئەگوازنەوە و میللەتێکی تورکمانیش لە برایانی میتی تورکی! بۆ خاتری تورکیا پێك دەهینن (لیرەدا مەبەستم ئەو هاولاتیانە نیە، کە بەزمانی تورکی قسەئەکەن و دانیشتوی کوردستانی عیراقن) . ئەمە کارنامەی دەسەڵاتی کوردی بووە.

دەبێت لیرەدا ئەو حەقیقەتانەش بەبیر گەرمیانی بهێنینەوە کە لە هەموو ئەوکاتانەدا کە ڕژێمی بەعس لاواز بووە لەلایەن ئەحزابی قەومی کوردەوە دەست بە باڵیەوە گیراوە. لە شەڕی عیراق ئێراندا سالی 1984دا یەکێتی نیشتمانی کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ ئەم ڕژێمە فاشستە!!و سکرتیری یەکیتی لە کۆبونەوە جەماوەریەکەی سورداشدا ڕایگەیاند کە ئێمە لە پشتەوە خەنجەری ژەهراوی لە حکومەت نادەین و لەگەڵی ڕیکدەکەوین، لە سالی 1991داو لەکاتێکدا کە ڕژێم ئەوپەری بێهێز تەریك کرابۆوە لەدنیادا، لەگەڵ هەڕەشەی هێزەکانی حکومەت بۆ گەڕانەوەیان بۆکوردستان لە جیاتی هاندانی خەڵك بۆ بەرەنگاربوونەوەو ئامادەکردنی هێزی چەکداریان بەڕوی ڕژێمدا بۆ کوردستان چ یەکێتی و چ پارتی بەر لەخەڵکی شارەکانیان چۆڵکردو نزیك بە ملیۆنێك ئینسان ئاوارە بوون. لە جەرگەی ئەم ئاوارەیەشدا یەکیتی و پارتی بەسەر لاشەی قوربانیانی ئاوارەیدا کەوتنەوە سات وسەودا لەگەڵ ئەم ڕژێمە فاشستەدا لەگەل ئینزبات و سوپای بەعسدا بەرووی هاتنەمەیدان و خرۆشانی خەلکدا دەوەستانەوە. وەلە 31 ئابی 1996دا پارتی ئەم رژێمە فاشستەی بۆ راگرتنی تەوازن قوای خۆی لەشەری ناوخۆیدا پەلکێش کردە ناوشاری هەولێرو. . .

بۆیە دەبێت گەرمیانی ئەو ڕاسیانە فەرامۆش نەکات کە هاتنە سەرکاری رژێمی بەعس و مانەوەی ئەم ڕژێمە تا ئێستا، بەهۆی پشتگیری ئەمریکاو غەرب سات و سەودای ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازی بەهەموو باڵ و لقەکانیەوەو غیابی بزوتنەوەی بەهیزی سۆسیالستی کرێکاریەوە بووە، نەك شتیکی تر.

ئەوەش کە گەرمیانی دەڵێت ئەم ڕژێمە فاشستانە بە جەنگ و ڕوداوی گەورە نەبێت لەناو ناچن، دیارە مەبەستی شۆرشی جەماوەری نیە، مەبەستی ئەو جەنگانەیە کە دەبێت گەورە زلهێزەکانی دنیا ئەنجامی بدەن و لەو چوارچیوەیەشدا خەڵك دەستی بەمافەکانیان بگات. ئەم بۆچونەش نەك هەر هەڵەیە بەڵکو بە جیا لەوەی بەیانی بی ئاسۆیی و بنبەستی بزوتنەوەی ناسیونالستی کورد دەکات، هاوکات بۆچونێکە کە بە هەموو بزوتنەوە جەماوەری وعەدالەت خوازو پێشکەوتنخوازەکان دەڵێت برۆن واز لە نیزامە سەرکوتگەرو فاشستەکان بهێنن و خۆتان لەگەڵ ملهوری زلهێزەکانی دنیا ئاویزان بکەن، لەو فرسەتانە کەڵك وەربگرن. ئەم بۆچونە ناراستی خۆی چ لەڕابردوو چ لەم سەردەمەدا سەلماندووە.

خەڵکی فێتنام توانیان شکست بە ئەمریکا بهێنن، بێئەوەی خەڵکی فێتنام مەحتەلی جەنگی ئەمپریالستی بیٚ، یان لانی کەم لە چەند دەهەی ڕابردودا لە فلیپین، ڕۆمانیا و لیتوانیا، ئەسیوپیاو سۆمال، ئازربایەنجان و ئەرمەنستانی سۆفیەت، چین وئەڵمانیای شەرقی، ئەفریقیای جنوبی. . . زۆر وولاتی تریش خەڵك بە شێوەی جۆراو جۆر هەستاون، ڕاپەرینیان کردووە و چەکدار بوون، خەباتیان کردووە و لەچەندین شوێن حکومەتە سەرکوتگەرەکانیان لە دەسەلات کێشاوەتە خوارەوە. بێئەوەی جەنگی ئیمپریالستی رویدابێت، وەزۆرێك لەو ڕاپەرین و هەستانە، بەدژی خودی دەسەلاتی ئەمپریالستیدا بووە کە زۆر لە ڕژێمی بەعس دڕندە ترو بەتوانا تر بوون. دەرکردنی هیزەکانی ئەمریکا لە صۆمال مێژویەکی زۆر دوور نیە. داسەپاندی خواستی ریفراندۆم و سەربەخۆیی تەیموری خۆرهەلاتیش میژویەکی دوور نیە. گەرمیانی بۆیە دەیەوی ئەو مێژوانە فەرامۆش بکات و بیانشێوێنێ تا ڕەوایی خۆشخزمەتی و خۆبەستنەوەی بزوتنەوەی قەومی کورد بە سیاسەتی ملهوڕانەی ئەمریکاوە، بسەلمینێ و ئومێدی ڕزگاری لەدیکتاتۆریەت و فاشیزم و دەست ڕاگەیشتنی خەڵکی عێراق و کوردستان بە مافەکانیان گرێبدات بە جەنگێکی ماڵوێران کەرو کۆنەپەرستانەوە.

گەرمیانی بەپێچەوانەی ڕابەرانی بزوتنەوەی قەومی کوردەوە ئیعتراف بەوە دەکات کە کوردستانی عێراق دەبێتە بەرەیەکی جەنگ و دەڵێت"گریمان کورد و هێزە بالاٚ دەستەکانی، ئەوپەری هەوڵ بدەن خۆیان لەم جەنگە بپارێزن. ئایا کوردستان لە جەنگەکە دورە پەریز ڕائەگیری؟بێگومان نەخێر. " ئەمە قسەی گەرمیانی یە.

ئاگادارکردنەوەکەی هاوری ڕێبواریش بۆ سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی لە ڕوانگەی ئەوپەری لیپرسراوەتیوە هاتوە بەرامبەر ئایندەی خەڵکی کوردستان، هاوکات بانگەوازیکە بۆ دەسەلاٚتی کوردی کە دەست لە گرێدانەوەی چارەنوس خەڵکی کورستان و ئایندەکەی بە سیاسەتەکانی ئەمریکاو شەڕخوازیەکەی بەردەن، و وێرانکردنی کۆمەڵگایەك و بەقوربانی بوونی خەڵکەکەی لە شەڕێکی دژی ئینسانی و ئەمپریالستیدا نەکەنە پردو زەخیرەی بەشداربوون لەدەسەڵاتی ئایندەدا، رایدەگەیەنیٚ کە ئەمە تاوانکاریەکی گەورەیە.

تا ئەوجێگایەی کە گەرمیانی دەڵێت ئاخر بەری پێناگیرێت. سەرەتا دبیٚ بڵێم ئەم هەموو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی یە جەماوەریەی لەدژی جەنگخوازی ئەمریکا، دنیای داگرتووە بۆئەوەیە شەر ڕونەدات (دڵنیام ئەوەش ئەزانێت بۆ بەرگری لە صدام حسێن و نیزامەکەی نیە) و دنیا نەکێشرێتە ناو میلتاریزم و قازانج پەرستی تاکانەی ئەمریکا، وە خەڵك هاوار دەکات کەدنیا پۆلیس ناوێت، هاواردەکات کە دەڵێن لەجێگای جەنگ ئاشتی و لە جێگای بۆمب نان و عەدالەت، لەجێگای ئابلۆقەی ئابوری چارەسەری کێشەی فەلەستین و کۆتایهێنان بەکوشتاری خەڵکی بێتاوان. . ئایا ئەم هەڵویست و هاتنە مەیدانەی خەڵك هەلەیە؟ئایا خەڵك لە ناهوشیاریەوە ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و بەردەم سەفارەتەکانی ئەمریکا؟ئایا ناکرێت ونابێت خەڵکی ئازادیخوازو ئاشتی خوازی عیڕاق و کوردستان لە پالٚ ئەم هیزە گەورەو جەماوەریەی دنیادابن و بە پشت و پەنای خۆیانی بزانن بۆبەرگرتن بە کوشتارو وێرانبونی کۆمەڵگا؟ و هەرئەم هێزەش بە پشتیوان بزانن بۆ ڕوخاندی ڕژێمی هارو دڕندەی بەعس؟

ئایا خەڵکی خرۆشاوی دنیا لەدژی جەنگ کاتێك ببینیٚ خەڵکی کوردستان لە پالٚ جەنگخوازی ئەمریکا وەستاون چ داوەریەکیان دەبێت لەسەری؟

ئەگە بەپێی بۆچونی گەرمیانی بێت ئەبێت ئەم خەڵکە خرۆشاوە ئەگەر نەیان توانی بەر بەشەر بگرن. دەبی پەنجەی پەشیمانی بگەزن و بڵێن خۆنەمان توانی بەر بەشەر بگرین بۆیە هەڵە بووین!!و جاریکی تریش هەڵەی واناکەینەوە.

گەرمیانی ئەم هاتنە مەیدانەی خەڵك بە مەسئولیەتێکی مێژووی نازانیت. بەڵام پەلکێش کردن و زەمینە سازکردن بۆ ئەوەی کوردستانی عێراق ببێتە بەرەیەکی شەر، و خۆشباوەڕکردنی خەڵکی بە سیاسەتەکانی ئەمریکا بە مەسۆلیەت دەزانێت و خوازیاری ڕودانی شەرو کوشتارە. هەربۆیە لە برگەیەکی تردا دەڵێت". . . ئەم جەنگە دژی ڕژێمێکی فاشیە (وەکو ڕێبواریش ئەڵیٚ) ئەم ڕژێمە چی ماوە بەسەر کوردیدا بهێنێ. ئیتر بۆچی کورد زەرەریەتی لە جەنگێکدا ئەم ڕژیمە فاشیستە لە ناوبچیٚ. "

پێم وانیە هیچ ئینسانێکی ئازادیخواز هەبێت خوازیاری ڕوخاندنی رژیمی بەعس نەبێت، ئەمە خواستی بەرهەقی هەموو خەڵکی عیڕاق و کوردستان و تەنانەت ئینسانیەتە لە سەراسەری دنیادا.

هیواو ئارەزوی خەڵکی عێراق و کوردستان بۆ ڕوخاندنی ئەم ڕژێمە بۆ ئەوەیە لەدەست سەرکوت و بێماڤ بە تەواوی مانای ووشەکە ڕزگاریان بێت و نیزامێکی سیاسی سکولارو مۆدێرن جێگای بگرێتەوە.

بەڵام ئەم جەنگەی کە بەڕێوەیە ڕوبدات، جەنگ نیە بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆف، جەنگی ئازادی خوازی نیە لەدژی ئیستبداد و دیکتاتۆریەت و فاشیەت، وە جەنگ نیە بۆ هێنانە سەرکاری حکومەتێکی مەدەنی کە خەڵك تیایدا بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆیان بدەن.

خودی دەوڵەتی ئەمریکا یەکێك بووە لەو زلهێزانەی دنیا کە دەوری ڕاستەوخۆی بووە لە پشتیوانی و هێنانە سەرکاری ڕژێمە دیکتاتۆریەکان، ژەنەراڵەکانی ئەمریکای لاتین، دەسەڵاتە خوین ڕێژەکانی ئەفریقای جنوبی، تاوانبارە دەسەلاٚتدارەکانی ئاسیای خواروی رۆژهەڵات، دەسەڵات بەدەستانی ئیسلامی، مەگەر هەمویان بە پشیوانی ئاشکرای مالی و عەسکەری ئەمریکا نەکراونەتە ملۆزمی سەردڵی خەڵك؟ وە مەگەر پینۆشەو مارکۆس و سۆهارتۆ تا دەگات بە ئەریل شارۆنی ڕەمزی کوشتارو فاشیەت، شاگردانی ئەمریکا نەبوون و نین؟وە ڕژێمی ئەمریکا بەدریژای هەمووسەدەی رابردوو لە هەر شوێنێکی دنیا خەڵکی بەمەبەستی ڕزگاربوون لەدژی نیزامە سەرکوتگەرەکانیان هاتبێتنە مەیدان تا

دەسەڵاتی خۆیان بەدەستەوە بگرن ڕاستەوخۆ نەکەوتونەتە بەرامبەر ملهوری ئەمریکاوە، وە ئەمریکا نەچۆتە پشت نیزامە ئیستبدادیەکان؟

خەڵکی عێراق و کوردستان و خەڵکی ئازادیخوازی دنیاش بە نەمانی ڕژێمی بەعس نەك هەر زەرەر ناکەن، بەڵکو بە قازانجیانە و خوازیاری ئەوەن، بەڵام خەڵك نەمانی صدام و ڕژێمەکەیان بە کوشتاری خۆیان و وێرانبوونی کۆمەڵگاکەیان و پاشان بە هێنانە سەرکاری دیکتاتۆرێکی ترەوە ناوێت. ئەگەر بە فەرز وەریبگرین صدام حسێن و ڕژێمەکەی لەڕیشەوە لابرێت (کە دیارە چ بۆ ئەمریکاو چ بۆ ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی عێراق باس لە وەلانانی ڕژێمی بەعس وەکو نیزامێکی سیاسی و ئیستبدادی) نیەو باس باسی وەلانانی صدام حسینە. بەمانەوەی دام ودەزگاو نیزامە سیاسیەکەی بەعس وەکو خۆیەوە، بەڕاستی ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی لە لەندەن کۆنگرەی خۆی بەست، بە شیعەو سونەی ئیسلامیەوە، بە شیعەو سونەی قەومیەوە، بە شیعە و سونەی کوردو عەرەب و تورکەوە، بە ناسیونالستی کوردو عەرەب و تورکەوە، بە ژەنەراڵەکانی دوێنی بەعس و قارەمانانی ئەمرۆیەوە!!، وە بە پەیامێك کە لەکۆنگرەکەیان پێی هاتنەدەرەوە، بەڕاستی ئەگەر کۆمەڵگای عیڕاقیان بدرێتە دەست کۆمەڵگا توشی چ بەڵاو موسیبەتێکی فاشستی قەومی ودینی دەکەن؟وە خەڵکی کوردستان لە سایەی دەسەڵاتێکی ئاوا ڕەشدا چ ئایندەیەك چاوەڕیێ ی دەکات؟

گەرمیانی لەگەرمەی ئەم بۆچونانەیدا سەرئەنجام دێتە سەرئەوەی کە حزبی کۆمۆنیست چونکە حزبێکی بچوکە گویێ بەمەسئولیەت نادات و حساب بۆ سیاسەتی ئیقلیمی و دەولی ناکات.

هاوکات ئێمەو ئیسلامیەکان بەرورد بەیەك دەکات و باسی گەشەی جند الاسلام و بزوتنەوەی ئیسلامی دەکات کە ئەوان بەهێزن. لە کۆتایشدا دەڵیت بڕوابکەن ئەو بەیان و ڕۆژنامانەی لە سلێمانی چاپ و بڵاوی دەکەنەوە کەمترین کاریگەریان لەسەر ڕوداوەکان نیە. . . قسەکانتان پەیوەندی بە هەست و پێویستی خەڵکەوە نی یە، ودژی بیرو بۆچونە چارەنووس سازەکانی خەڵکیشن. . . تاد.

من لەسەرەتای ئەم نووسینەدا باسی مەسئول بوون و مەسۆلیەت هەڵگرتنم کردووە، بۆیە نامەویێ زۆر لەسەر ئەمە بڕۆم ئەوەندە نەبێت، کە دەڵیم ئەگەر مەسئولیەت هەڵگرتن ئەوە بێت کە یاریکردن بە چارەنوسی خەڵك، خۆبەستنەوە بەسیاسەتی ئەمریکاو غەرب، خۆش خزمەتی بەووڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە، بەدەستەوەگرتنی یاساکانی بەعس لەکوردستان، دیفاع لە پیاوسالاری، گوێنەدان بەدابین کردنی ژیان وگوزەرانی خەڵکی و لرفدان و بەتاڵان بردنی داهاتی خەڵکی کوردستان و دزی و ڕاوروت وسەروەت بەیەکەوەنان، سەرکوت بۆ خەڵکی و ئازادی بۆ خۆ، چونە پشت کۆنەپەرستی و دەست گیرۆی ئیسلامیەکان، باج و سەرانە ساندن لە خەڵکی بێگوێدانە ئاستی داهاتی خەڵکی، لەبەرامبەر خواستی سەربەخۆیدا بۆ خەڵکی کوردستان دیفاعکردن لە یەکپارچەیی خاکی عێراق، . . . . . . تاد. ئەگەر ئەوانە مەسئولیەت هەڵگرتنن کە دەسەڵاتی کوردی بەوانە دەناسریتەوە، مەعلومە ئێمەو خەڵکی کوردستان دژی هەموو ئەمانەین و ئەمەش بە مەسئولیەت هەڵگرتن دەزانین.

تا ئەو جێگایەی باسی ئێمەو ئیسلامیەکانە، بە جیا لەوەی بەراوردکردنی هێزیکی ئینسانی و مۆدێرن لەگەڵ بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستی ئینسان کوژو بەکرێگیراودا، بیێ ئینسافیەکی مێژوی و تاوانکاریەکە. هاوکات گەرمیانی باش دەزانێت دەستەو تاقمە کۆنەپەرستە ئیسلامیەکانی کوردستان بە جیا لەوەی کە لەلایەن ئێران و سعودیەو ووڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە وە ئیستراد کراون، لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانیشەوە لاوێندراونەتەوە، پشتیوانی کراون و مانگانە لە داهات و پاروی دەمی خەڵك بە ملیۆنان دیناریان کراوە بەگەرودا، مینبەری مزگەوتەکان و قوتابخانە ئیسلامیەکانیان بۆ خراوەتە سەرپشت.

هەروەها نەك ڕێگایان پێدراوە ئازادانە هەڵسوران بکەن، بەڵکە لەدەسەڵاتدا بەشیان پێدراوە، دەسەڵاتی ناسیونالستی کورد کراوەتە ژینگەیەکی لەباری کۆنەپەرستی ئیسلامی. باش وخراپ، ڕەسەن وناڕەسەن، توندڕەو ومیانەڕەویان، لێداتاشراوە. پاکانە بۆکردەوە دژی ئینسانیەکانیان کراوە، لەکاتێکدا ئەم دەستەو تاقمە ئیسلامیانە دەستیان لە هیچ کردەوەیەکی نائینسانی نەپاراستوە، ئەو جند الاسلامەی گەرمیانی باسی دەکات بەشێك بووە لە بزوتنەوە ئیسلامی و

ئیسلامییه سیاسییەی ئەمرۆ لەدنیادا شەپۆری کوێرانەی کوشتار و شەری مەدەنیەت و ئازادی لێدەدات. جند الاسلام بەشیکن لەو گۆماوە لیخنەی ئیسلامی سیاسی بەگشتی، و ئیسلامیەکانی کوردستان بەتایبەتی. جند الاسلام ئیسلامیەکان ئەو تاوانکارانەن کەجگە دەیان وسەدان کاری تیرۆرستی ونائینسانیانە کە دژی ژنان و لاوان و مەڵبەندەکانی رۆشنبیری و کتێبخانەکان، سالۆنەکانی ژنان و رۆشنبیران ونوسەران و. . . ئەنجامیان داوە خاوەنی کارەساتی خێڵی حەمەو گردە درۆزنەو. . . شەوی هەشتی ئەم مانگەش واتە دوورۆژ بەر لەئیستا لەدانیشتنیکدا لە گوندی گامیش تەپەی ناوچەی شارەزور (شەوکەتی حاجی مشیرو چەند هاوەڵێکی و تەنانەت ئەندامانی ئەومالەش) کە کۆبۆنەوەکەی تیابوو بەدەستی ئەم تاقمە گولله باران کران. ئەمە کارنامەی ئیسلامیەکانی کوردستانە، کەچی یەکێتی و پارتی دەست بە پشتیاندا دێنن و ئەیان لاوێنەوەو تەشریفاتیان بۆ سازئەکەن و لەگەڵیان کۆئەبنەوە.

گەرمیانی نایەوێت بڵیت ئەگەر ئیسلامیەکان پارەو پولی وولأتانی ناوچەکەو پشتیوانی بێدرێغی یەکێتی و پارتی و فرسەتێك کە پێیانداون لێیان بڕێت ئاسەواریان نامێنیت، کەچی باسی گەشەو زۆر بوونیان دەکات!.

لەسەر ئەو ئیدعایەش کە حزبی کۆمۆنیست حزبێکی بچوکە، تەنها چەند پرسیار ئاراستەی گەرمیانی ئەکەم، ئەگەر حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عیراق حزبێکی بچکۆلەی چەند کەسیە، یەکێتی و پارتی بۆ رێگەی هەڵسورانی ئاشکراو یاسایی لێدەگرن؟بۆ رێگانادەن تەنانەت کۆرو سمیناریش لە قاعە رەسمیەکاندا بگێرن؟ بۆ یەکێتی نیشتمانی بە هێزیکی گەورەی چەکداریەوە هێرشی کردە سەربارەگاکانی حزب؟بۆچی لە ناوجەرگەی شاری سلێمانیدا کەمینی چەند سەدکەسی بۆ لیدان لە سەیارەیەکیان ئامادە دەکەن وکوشتار لەدژیان وەڕێدەخەن؟

وەئەگەر حزبی کۆمۆنیست هیچ کاریگەریەکی لەسەر ڕوداوەکان نیە و کەس نوسراو بەیاننامەو بلاوکراوەکان ناخوێنێتەوە، بۆ دەرگای چاپخانەکان بەڕووی بڵاوکراوەو بەیاننامەو نوسراوەکاندا دادەخرێت؟بۆ ڕیگای بلأوکردنەوەی ئازادانەی بلأوکراوەکان دەگیریت؟وەبۆ یەکیتی وپارتی ڕێگە نادەن ئەو قسەو هەڵوێستانەی (بە قەولی گەرمیانی تەئسیریان نیە) ئازادانە بە خەڵك بگەیەنن؟بۆ رێگە نادەن خەڵك خۆی داوەری بکات؟وەئەگەر ئەم حزبە سیاسەتەکانی لەلایەن خەڵکەوە قبولْ ناکرێت یەکێتی بۆ دەرگای دادگای لەبەرامبەر سیاسەتەکانیدا گرت؟وە خواستی بەرپاکردنی ریفراندۆم و بۆ بریاردانی خەڵکی لەسەر چارەنوسی خۆیان و هێنانە گۆڕی خواستی جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، خواستی یەکسانی ژن و پیاو، خواستی جیاکردنەوەی دین لە یاساو خوێندن وپەروەردە، خواستی قەدەغەکردنی دەستێوەردانی وولاتانی ناوچەکە لەکوردستان، خواستی ئازادی بی قەیدو شەرتی سیاسی و ئازادی بەیان وبڵاوکردنەوەو چاپەمەنی، دەیان خواستی تر کە پلاتفۆرمی سیاسی و خەباتکارانەی ئەم حزبە لەکوردستان پێکدەهێنێت، خواستی زوربەی زۆری خەڵکی کوردستان نیە؟

واقعیەت ئەوەیە ناسیونالیزمی کورد دەزانێت کە هەرکام لەم خواست و سیاسەتانەی حزبی کۆمۆنیست خواستی بەرهەقی خەڵکی کوردستانن، بۆیە ڕێگەی هەڵسورانی لێدەگرن و یاسای بەعسی بەگژدادەکەن و پاشانیش بەزۆری چەك بارەگاکانی دائەخەن. هەراو هۆریای ئازادی ودیموکراسیش هەر گفەی دیت!!.

2003/2/9

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... 2003-1-15

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت